ئەشق بە بێ مسقاڵی بەستڕانەوە! (چیرۆک)

**ئەیوب ڕەحمانی**

شایانی باسە کە ئەم چیرۆکەم بە هۆی ڕووداوەکانی ئەم دوواییانەی باشووری کوردستان هەر ئەمشەو نووسیوە و کاری زۆرم لەسەر نەکردووە. ئەم چیرۆکە بۆ هەموو کەسە، کوڕ و کچ و ژن و پیاو لە تەمەنی ١٨+ساڵەوە و تکایە با لەو تەمەنە بەرەوخوار نەیخوێننەوە!

ڕۆژی هەینی کۆتایی حەوتوو وەک ڕۆژەکانی دیکە بەیانی چوومە سەر کار و پاشان کە تەواو بووین بەرەو ماڵەوە کەوتمە ڕێ! ئێوارانی هەینی ترافیکی ناوشار زوو دەست پێ دەکات، بۆیە بە لاڕێدا هاتمەوە و ئێوارەدرەنگانبوو گەیشتمەوە ماڵ. ئەمڕۆ کار لە باری جەستەوە هیچ هیلاکی نەکردم، کارێکی وامان نەبوو، بەڵام لەباری ڕۆحییەوە هیلاک بووم. پێویست بە باس کردن ناکات کە ئەگەر لە شوێنی کار دوو پۆرخزی لێبێت و جار و بار عەسەبیت کەن، هیلاک ئەبیت بە دەستیانەوە. وڵاتی خۆت نییە و ئەویش خاوەن ماڵە و ماف بە هی خۆی دەزانێت، خرابتر لە هەمووی ئەمەیە کە مافیش پشتیوانییەتی!! هەندێک جار بیر لەوە دەکەمەوە کە لە وڵاتی خۆمان شەق دەزانێت قۆناغە لە کوێیە و ئەگەر ئەوە لە وڵاتی ئێمە بوویایە بە شەق بیراسم دەکرد، کەف گوورگییەکی بەس بوو بۆ ئەوەی دوو پەراسووی بشکێنم و بۆ هەموانی ئاقڵ کەم، بەڵام ئێرە ئوروپایە و زامنی شەق دایمە داخراوە و هەر کەس بیوەشێنێت، کوونجی زیندان بۆ ماوەیەک دەبێتە ماڵی و پەروەندەشی ڕەش دەبێت، ئاخر لێرە یاسا قسە دەکات. جار و باریش بە خۆم دەڵێم ئەی بۆ شکایەتیان لێ نەکەم؟ ئەوجار زەردەخەنەیەکی مەسخەرەئامێز دەکەم و بەخۆم ئەڵێم وەڵا ڕەمەزانم بە قوونێکی خاوێن گرت نۆرەی شەشەڵانە! ئەی ئەوە نەبوو پێنج ساڵان لە مەحکەمە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانم لە کڵاوبەردارێکی سویسی جەنگام، کوا بە کوێ گەیشت؟ لەو شوێنەی بەڵگەم نەبوو، بەناو دادوەر داوای بەڵگەی لێدەکردم و لەو جێگاش کە بەڵگەم بوو، داوای بەڵگەی نەدەکرد و ئەیوت بەڵگەمان ناوێ. هەر وەک ئەوەی کاکی دادوەر ڕۆحی لە بەڵگەکانی من خەبەردار بێت! هەندێک جار بە خۆمم دەکووت تۆ بڵەی تێکنۆلۆژیا لای ئەم نەتەوە بانکدارانە هێندە بەرز نەبووبێتەوە کە بتوانن هزرمی پێ بخوێننەوە؟ ئەوجار ئەمووت نا خەتای خۆمە لە تەلەفوون و ئینتێرنێت زۆر کەڵک وەردەگرم، هەندێک لە نامەکانم هەر بە ئێ مایڵ ئاڵ و گۆڕ پێ دەکەم، نابێت وابکەم! ئەوجار دیسان بە خۆم دەڵێم ئەی مەگەر ئێرە وڵاتێکی دێمۆکڕات و یاسامەند نییە؟ مەگەر یاسای "پاراستنی نهێنی" یا "نهێنی پارێزیی" دانیشتوانی وڵات، یەکێک لە خاڵە یاساییەکان نییە؟ لێرەوە دەکەومە شک و بە خۆم دەڵێم ئەم ماستە موویەک سەهلە، دەیان مووی تێیایە! چوونکو هەموو هەوڵییان ئەوە بوو کە من بە مافەکانم نەگەم و منیش ئەو هەوڵانەم ناولێنان ئاپاڕتاید و کردمە شکایەتێک و ناردم بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئوروپا لە شتڕاسبوورگی فەڕانسە!
ئەم وردە ورتە ورتانە ناو مێشکم دەکۆڵن و ئەم ئێوارەش بۆیە لەشم داگیراوە. گەیومەتە ماڵەوە و هەر بیر لەو دوو هەتیوەی هاوکارم دەکەمەوە، دەچمە ژێر دووشەکە و هەر لە یادیاندام، چییان لێ بکەم؟ چۆن تێیانگەیەنم؟ ئاخر خۆ من کرێکارم بەلاوە زۆر شەریفە. ساڵانێک سیاسەتی کرێکاریم ڕەچاو کردووە و درووشمی ئاسایشیی کرێکاریم بەرز کردبووەوە. ئەرێ ڕاستە خۆ مشت ناتوانێت نموونەی خەروار بێت، بەڵام خۆ لێرە خەرواریش هەر وەک ئەوانن. ئەوانەی بە ڕەگەز خەڵکی ئێرەن بە عام، بە کرێکار و خاوەنکارەوە هەر وەک ئەو دوو کەسە دەچن. هەندێک جار خاوەنکارەکە لە هاوکارە کرێکارەکەم لووتفی زۆرترە! ئەوجار هەمدیسان بیر لەو ساڵە دەکەومەوە کە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی زوریخ لە بەشی کابلکێشیی و دامەزرانی سێرڤێرەکاندا کارم دەکرد سەر کرێکارێک چەندە کاری پێ لێژ دەکردم و بەهانەی پێ دەگرتم و یەک دوو کرێکاری دیکەی لێ هاندەدام کە خراپەکاری لە کارەکانمدا پێک بێنن و منیش دڵم نەدەهات شکاتی لێبکەم، دەمووت چۆن من شکاتی کرێکارێک دەبەمە بەر خاوەنکار یا بەرپرسی بەش؟ تا وایلێهات کە خۆم داوای گوێزرانەوەم کرد و هەم خاوەنکار و هەم بەرپرسی بەش کە لە هزری مندا کاپیتالیست و زۆردار بوون، پشتگیری تەواویان لێ دەکردم کە نەڕۆم و بمێنمەوە، بەڵام هەر ئەو کرێکارەی کە من ئەمویست بیپارێزم بۆ ئەوەی بێکار نەبێت، خێرا داوای نەک هەر گوێزانەوەم، بەڵکوو دەرکردنمیشی دەکرد!!

دووگانەیی و دووالیتە مێشکم دەخۆن، نابێ زۆریان بیر لێبکەمەوە. ئێستا کە چەندین ساڵ لەو کاتە تێپەڕیوە پێموایە کە ئیرادەکە لەخۆمدا بوو! من خراپ تێ گەیێندرابووم، من تەعەسووبم پەیداکردبوو بۆ ناوی کرێکار. لە وڵاتانی ئێمە وایە، باوەڕمان بە هەرچی پەیدا کرد، دووایی دەیکەینە بت و بۆ منیش کرێکار بت بوو! ئێستا بەڵام بیرم گۆڕاوە و دەڵێم کرێکارە ملی تەقی، ڕێز لە هاوکارەکەی بگرێت با منیش ڕێزی لێبگرم، نهێنییەکانی هاوکارەکەی بپارێزێت با هی خۆیشی پارێزراو بێت، جێگای کەس لێژ نەکات با هی خۆیشی لێژ نەبێت. ئەمڕۆ ئەگەر هەر عەینی ئەو ڕووداوەم بۆ بێتە پێش ڕێک وەک خۆی لەگەڵدەکەم. بۆ ئەوەی فێر ببێت بەرپرسیاری کردەوەکانی خۆیبێت. ئەوە

من نیم کە بە دەرکردنی دەدەم، بەڵکوو خۆیەتی کە بەرپرسی کردەوەکانی خۆی نییە، ئەوە من نیم کە شکاتی کرێکار دەبەمە لای دەسمایەدار، بەڵکوو ئەوە کرێکار خۆیەتی ڕێزی خۆی نازانێت!

ئەوە تێپەڕیوە و تەواو بووە و هیچم لێ نەکرد و تەنیا خۆم زەرەرم کرد و لەو شوێنی کارە گوونجاوەم بووم و پاش ئەویش ماوەیەک بێکار مامەوە، ئەی ئەمجارە چی؟ ئەم دوو هاوکارەی کە بە سەر ئەعسابمدا دەڕۆن چی لێبکەم؟ ئەمان گرفتییان شتی دیکەیە، گرفتی ئەمان ڕەگەزی منە و ڕێگای قسەکردن و دیالۆگیشیان داخستووە، نە لە کاتی کاردا و نە لە کاتی پشوو و نانخواردندا مەجالی گوفتوگۆ نادەن. دەڕۆن دوور دەکەونەوە، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی هەمووواندا لەتەکما قسە نەکەن. کە بە تەنیا دەکەوم و ئەوانیش بە جووت، ئەوجار دێنە پێش و ئەکەونە ورتە ورت. ئەمرۆ کارمان کەم بوو و مەجال بوو بۆ ئەوان کە دووبارە لێم نزیک ببنەوە و دەمهەراشی بکەن. ئەمڕۆ کە هاتن لێیانم پرسی کە ئایا ئێوە بێجگە لە ورتە ورت و قسەی خاڵی و دەمهەراشی و ئیهمالکردن و ئەمانە..... شتی دیکەش دەتوانن بکەن؟ یەکیان وتی مەبەستت چییە؟ وتم یانی لێدان و شتی وا..! پێیان سەیر بوو، ئەوەی دیکەیان وتی ئەگەر حەز دەکەیت تا بتکووتین، وتم ئەرێ وەڵا زۆریش حەز دەکەم، هەتا بڵەی حەز دەکەم، بەس پێموانییە لە ئێوە دووانی بەر بێت خۆتان لە شتی پیاوانە بدەن، بڕۆن گۆڕتان ون کەن و من ناچارم بە بێ ویستی خۆم ڕاپۆرتێکتان لە سەر بنووسم و تەسلیمی شێفی (ڕەئیس)ی کەم، هەر لەوێش دەنووسم کە ئەگەر ئێوە دوونەفەر لەمەو بەدووا بەرم پێبگرن، من ناچار دەبم دەست بکەمەوە، بەس بۆئەوەی پێشدەستیم کردبێت و جاریتر کە هاتن ئیتر وڵامتان لە شەقی مندایە! یەک لە یەک زلتر و ترسنۆکتر، دوو لاوی زل و زەبەندە کە لە ڕەقس و ژنبازی و دەمهەراشی زیاتر هیچی دیکەیان لەباردا نییە. ئەڵبەت بێجگە لە کار و کار و کار! هەر لە سەحەری منداڵییەوە بۆ کار گۆش دەکرێن. لە ژیانیاندا شەڕیان نەدیوە و بێکار نەبوون، ڕۆبۆتی گیاندارن، تەنانەت لەوانەیە لە ماڵیشەوە زللەیەکیان لە داک و بابیان نەخواردبێت، جا ئێستا هەڕەشەی ڕاپۆرت لێدران و شەق خواردنیش ببیستن! ئەمانە شەڕیان بەس لە سینەما و تلویزیۆن بینیوە و تەنیا لە یاری پلەی ستەیشن شەڕیان کردووە و زۆرجاریش بەرەندە بوون! لە سەرێکەوە خۆش بە حاڵییان، لە بەختی ئەوان جیهان بەرەو هێژمۆنی مێشک و زانیاری چووە و دەچێت، هێزی بازوو و تەنانەت شەڕە تفەنگیش زۆر باوی نەماوە. شەڕەکانی داهاتوو دەبنە شەڕی سایبێری کە هەر ئێستاکەش سی ساڵێک دەبێت دەستیان پێکردووە. ئەو وڵاتەی کە بەهێزترین هێزی سایبری هەبێت، زلهێزترینە و ئێستاش ئەو ڕۆڵە وا خەریکە وڵاتی چین دەیگرێتە ئەستۆ و ئەمریکا و ڕووسییە و ئوروپایش نایگەنێ. لە ناو تاکەکەسیشدا، ئەوەی شارەزایی لە هاککردندا هەبێت، ئەتوانێت ڕەقیبەکەی هاک بکات و زانیاری لە بارەیەوە بدزێت و دووایەش حاڵی بگرێت، یاسایی یا نایاسایی!

هێشتا هەر ئێوارەیە و زۆر لە کات تێنەپەڕێوە، بیرکردنەوە مێشکم دەخۆن، ئەم دێ و ئەو دەڕوات. دووشیشم گرت و خواردنێکی سووکیشم ساز کرد و خواردیشم، بەس هەر یەک سەعات تێپەڕیوە! تلویزیۆن و سەتەلایت دەکەمەوە پڕۆگرامێکی وای نییە. کوردەکان هەر پرتە و بۆڵەیانە کە داگیرکەر دەیانکووژێت و ئەوانیش مەزڵووم و زۆرلێکراون و کارناسێکیان نییە بیهێننە سەر تلویزیۆن و بڵێ دووژمن ماهییەتی دووژمنایەتییە، ئێمە دەبێت ئەو دووژمنایەتیە قەبووڵکەین و بە هەموو توانامانەوە لەدژی ڕاوەستین. لە جیاتی ئەمە هەر کامە و چەند کەسێکی سەر بە خۆیان هەموو جارێک دێننە سەر شاشە و کارناسی هەموو بووارێکن و لە ئەساسیشدا سیاسەتی حیزبی خاوەنی تلویزیۆنەکە باس دەکەن. لایدەبەم و تاقەتی ئەوانی دیکەی نێو سەتەلایتیشم نییە. دەچمە سەر قەناتەکانی ئوروپا، تا دوو سەعاتی دیکە هیچیان فیلم دانانێن و تاقەتی هەواڵیشم نییە. سەتەلایت ئەکووژێنمەوە و پلەی ستەیشن هەڵدەکەم.

دەچمە سەر یاری پلەی ستەیشن، بۆ ئەوەی یەک دوو قۆناخی دیکەی ماشینی خێرا تێپەڕێنم، زیاتر بۆ ئەوەی کات تێپەڕێنم و ڕەنگە بەری بیرکردنەوەشم بگرێت، هەر وایشە، یەکسەر ئەتباتە قۆناخی تەرکیز و ڕێگا و مەجالی بیر کردنەوەت دادەخات. بەڵام کە دەچێتە قۆناخی لێخووڕینەوە لە هەندێک لە مەسیرە کوێستانییەکاندا کە هەر لە جادەکەی کەلیخانی بانە دەچێت و باریک و کوێستانی و توونێلییە، ئێجگار وەڕەزکەرە! داوای خێراترین سوورعەتت لێدەکات و لە توونڈترین پێچەکاندا خۆت بۆ ڕاناگیرێت و دەکەوییە خوار، ڕەنگە هی ئەوە بێت کە هێشتا شارەزایی تەواوم پەیدا نەکردووە. بەڵام پێشموانییە کە شارەزاترین لاوی پلەی ستەیشنباز بتوانێت بەو خێراییە و تەنیا بە یەکجار تاقیکردنەوە ئەو هەموو پێچە کوێستانییانە تێپەڕێنێت و چەندجار نەکەوێتە خوار. ئەگەر ئەوە یاری نەبوویایە تا ئێستا من سەدان میلیۆن یۆڕۆم زەرەر لە خۆمدابوو و سی چل جاریش تا ئێستا کووژرابووم، باشە خۆشبەختانە من خۆم لە ناو ماشینە سپۆڕتە گران قیمەتەکاندا نیم، جەک، ئەو لاوە خۆشتیپە ئەمریکییە بە جێگای من لەوێ لێدەخووڕێت، من خوودام و بە کۆنتڕۆڵەکە بەس ڕێنوێنی دەکەم و چارەنووسی بۆ دیاری دەکەم، هەندێکجار چارەنووسی کەوتنە خوارەوەی بۆ دیاری دەکەم و هەندێک جاری دیکەش بە خێرایی دووسەت و پەنجا کیلۆمەتر لە سەعاتدا لە ماشینی بەرانبەری دەکووتم و جاری دیکەش کە پۆلیسەکان شوێنیدەکەون، بە گرتنی دەدەم و ڕێگای

دەرچوونی نادەمێ، بۆ من کارێکی نییە بە فشاری دووکمەیەک ئەتوانم لە چنگی پۆلیس دەری کەم، بەڵام جار و بار ڕزگاری ناکەم و چارەنووسی دەگۆڕم، دەیدەمە دەست مەحکەمە! وەک هەموو خوداکانی دیکە ئەم یاسایە لای منیش دەخوات کە "لە تۆ جووڵان و لە من بەرەکەت" بۆ جاری دیکە کە دەبینم جەک خۆی زۆر هیلاک دەکات و تێکۆشانی زۆرە، چارەنووسی باشتری بۆ دیاری دەکەم و ئەبینێت کە جووڵان و تێکۆشان کۆڵنەدانی بێ هوودە نابێت و لە کۆتاییدا بە ئاکام و ئامانجی دەگەیەنم، بەڵام تا تێ نەکۆشێت و دیسانەوە و دیسانەوە خۆی تاقی نەکاتەوە بە ئامانجی ناگەیەنم، وەک سەعدی شیرازی دەڵێ " بە بێ ڕەنجکێشان، گەنج وەگیرت ناکەوێت"!

دوو قۆناخی دیکەم بۆ جەک تێپەڕاند، لە چەندین شار و شارۆچکە و کوێستانان تێپەڕێ و خۆشترینیان تا ئێستا لە ناو شاری لاس ڤێگاسدا بووە، ئای کە پۆلیس شوێنی کەوتن و بۆیان نەگیرا. جا لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە دەیان ماشینی دیکە لەو مەسیرەدا بە خێرایی ڕکەبەرایەتی لەگەڵ جەک دەکەن، کەچی پۆلیسەکان بەس بە شوێن جەکەوەن و تەڵەی ناو ڕێگای بۆ دادەنێن و تەقەی لێدەکەن و لەوانیش خۆشتر قسەکانی پۆلیسەکانە کە من بە شێوەی خۆسەر لە تلویزیۆنەوە ئەیانبیستم کە هەندێکجار تاریف لە لێخووڕین و دەربازبوونی جەک دەکەن و هەندێکجاریش قسەی پێ دەڵێن و هەڕەشەی ڕاگرتنی ماشینەکە و خۆبەدەستەوە دانی لێدەکەن. جارێکیش لە کوێستان لەو جادە باریک و پێچاوییەی دیکەدا کە هەر لە جادەی هەژدە دۆڵانی بانە دەچێت، تۆزێکی مابوو جەک بگرن، کاتێک ماشینەکەی لە بەردێکی زەلام گیرابوو، بە فشاری دووگمەیەک ڕزگارمکرد و چارەنووسیم نەدا دەست پۆلیس و پاشان بۆ پاداشت دانەوەی لە کاتی بەنزینگرتندا دوو کچی جوانی قەد و باڵا بەرز و باریکی ڕەش ئەسمەری شەڕواڵتەنگم پێ ناساند و پلەی ستەیشنم کووژاندەوە و وازم لە جەک و هاوڕێ نوێکانی هێنا بۆ ئەوەی بۆخۆیان خۆش بن تا یارییەکی دیکەی ڕۆژێکی دیکە!

سەعات بوو بە هەشتوچارەک و کاتی فیلمە لە تلویزیۆن. کە دەیکەمەوە هیچکام لە فیلمەکانم بە دڵ نییە، بەڵام بە دیار سریاڵێکەوە بە ناوی فاو (V) دادەنیشم کە چەن بەشێکیم پێشتر دیوە! ئەو سریاڵە نوێیە و لەوانەیە کە باسی هاتنی کۆمەڵێک فەزایی دەکات کە هاتوونە سەر زەوی و لە فێڵی ئەوەدان کە زەوی بگرنە دەست خۆیان و لە ناو شارەکان سەقامگیر بوون و سەفینە عەزیمەکانیشیان بە سەر شارە گەورەکانی جیهانەوە وەستاون و بەڕێوە بەرانیان کە چۆتە قالبی مرۆڤ و ژنێکی جوانەوە لەگەڵ بەرپرسانی زەوی، کە ئەمریکایە، لە ئاخافتن و دانووستاندان و پۆلیسی ئێف بی ئای ئەیانپارێزێت و خۆیشیان نفووزییان کردۆتە ناو بەرپرسانی حکومییەوە. لەو بەینەدا کۆمەڵێکیش ژن و پیاو کە سیقە بە فەزاییە ڕووخۆشەکان لە قالبی مرۆڤدا ناکەن، گرووپێکی چریکی ژێرزەوینییان بە ناوی ستوونی پێنجەم پێکهێناوە و بەر پرسی ئەوانیش هەر ژنێکە کە خۆی پۆلیس و فەرمانبەری ئێف بی ئایە! ئەمانە ئەیانەوێت پێمان بڵێن کە جیهان لە داهاتوودا ژنان بەڕێوەی دەبەن! جا چی لەوە خۆشتر؟

یەکەمین پشووی بازرگانی ناو سریاڵەکە دێتە وشاندن و مەجالێک بۆ من ئەڕەخسێنێت کە بچم بیرەیەکی کەلە تەزێنی بەفری و کەمێک چەرەسات بێنم و بە دیار سریاڵەوە بخۆمەوە و چەرەسات بترووکێنم. یەکدەفعە بیردەکەمەوە کە شەوی هەینییە و سبەینێش کار ناکەم، بۆ ئارەقێک نەخۆمەوە؟ بیرێکی باشە، حەوتوویەک دەبێت دەمم لە ئارەق نەداوە، بە تەنیا زۆر حەزم لە مەشرووبی توند نییە، بەس ئەڵەی چی ئەمشەو هەینییە. خێرا تێکیلایەک لە ساردکەرەوە دەر دێنم و لیمۆیەکی بۆ دەکەمە هەشت قاشەوە و خوێیان پێدا دەکەم و پیاڵەیەکی تێکیلا دەر دێنم و هەموویان دەبەمە ژووری دانیشتن لە سەر مێزەکە دایاندەنێم و تا من دەگەمەوە سریاڵ دەستی پێکردۆتەوە. خێرا لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە کە یەکەم پەیک بە خۆشی کێ هەڵبەم؟ لەو کاتەدا بیر لە کێ زیاتر دەکەیتەوە و خۆشت دەوێ، خێرا ئەو دێتە خەیاڵت، مناڵەکانم. بە خۆشی ئاستیاگ و هێلیا یەکەم پەیک هەڵدەدەم و گازێک لە قاشە لیمۆیەکی ترش و سوێر دەگرم و تاڵیی تێکیلا لە گەروومدا ون دەکەم و هەست دەکەم قوور قووشمێکی داخی تواوە بە ناو گەروو و ملمدا تا مێعدەم گەرم دەبێ و ئەیسووتێنێت، ئاگرەکەی لە ناو خۆمدا هەست پێ دەکەم. ئای کە چەن خۆشە ئەو ئاگرە ئەڕواتە خوار، لەم دەقەوە دنیا دەگۆڕێ و بە هەر پەیکێک کە هەڵی دەدەم دوونیا خۆشتر و جوانتر دەبینم. چاو لە درێژەی سریاڵ دەکەم، ستوونی پێنجەم کە لە بەشەکانی پێشووتردا چەند هەلیان بۆ کووشتن و تێرۆری شاژنی فەزاییەکان لە کیس چووبوو، هەمدیسان پلانێکی دیکەیان داناوە کە بیکووژن. لەو لاوە شاژنی فەزاییەکان کە خۆی شاژنی ئەسڵی نییە و دایکی ئەو شاژن بووە، بەڵام ئەم کچەی کۆدەتای لە دایکی کردووە و خۆی کردۆتە شاژن، بە بێ ئەوەی بە دەسەڵاتدارانی نوێنەری زەوی "ئەمریکا" بڵێ کە چ پلانێکی بۆ داهاتوو هەیە، بە نهێنی فەرمانی بە هێزێکی زۆری فەزایی خۆیان داوە کە بەرەو زەوی بەڕێ بکەون. تا ئەم قۆناخەی سریاڵەکە کە بەرەو کۆتایی ئەچوو من شەشەمین پەیکم هەڵدا و بڕیارم دابوو لە هەشت پەیک زیاتر هەڵ نەدەم، بە قەدەر قاشی لیمۆ ئاوداره ترش و سوێرەکان. لە پاش پەیکی شەشەم ئەوەندەم ئاگا لێبوو کە بەرپرسانی ئەمریکایی هەستییان بە هاتنی هێزە زۆرە فەزاییەکان کردووە و بە تێلێسکۆپ بینیویانن و ئەم هەواڵە بە ستوونی پێنجەمی چریکیش

گەیشتۆتەوە و لە پلانی جیدی کووشتنی شاژنی فەزاییدان..! لەو کاتەدا کە ئەوان ئەیانهەوێت پلانەکەیان جێبەجێ بکەن، من پەیکی هەشتەمیشم لێدا و ئێستا لە ئاسمان ئەفرم بۆخۆم. ئای کە جەوێکی خۆشە، دوونیا کاول بێت و ئاو بیبات و فەزایی داگیری بکاتن، هیچ گرنگ نییە بەلامەوە، حەز دەکات فەزایی هەر ئێستا لە دەرگام بەن و بمبەن، ژنێتیکم بگۆڕن و بمکەن بە ڕەگەزی خۆیان، هیچ گرنگ نییە بەلامەوە، زنجیرەکانی هۆوییەتم کە هەمیشە وەک زنجیری ئایین و نەریت لە دەست و قاچەکانم ئالاون، ئێستا ئەمشەو بە تێکیلا هەر هەموویان پساون و ئەمەش وادەگەیەنێت کە ئەو زنجیرانە هەموویان فشەن، دەشتوانن نەبن، بڕیاری بوون و نەبوونیان لە دەست خۆماندایە! ئەگەر سەعاتێک پێش ئێستا بوویایە دەبوومە ئەندامی چالاکی شەڕکەری ستوونی پێنجەم، دەبوومە پێشمەرگە یا فەرماندەی ستوونی پێنجەم، بەس ئێستا بەلامەوە گرنگ نییە، هەموو بۆ من یەکسانن، هەموو بۆ من وەک یەک وان. جەو خۆشە، نە سەرمامە، نە گەرمامە، نە تەنیا بێتاقەت نەماووم، بە پێچەوانە کۆڵێک وزەم هەیە بۆ ڕۆیشتنە دەر، بەس بۆ کوێ بچم؟ ماشین ناتوانم لێخووڕم، چاوم پێنج مەتری بەر خۆم نابینێت! گرنگ نییە، بڕیاری چوونە دەر دەدەم و بە تاکسی دەڕۆم، ئاگام لە کێشەی سریاڵ نەماوە، تلویزیۆن ئەکووژێنمەوە. جلەکانم، بۆخۆشم نازانم چۆن، لەبەر دەکەم و دەڕۆمە سەر جادە، تاکسی تاکسی، یاڵا سەر دەکەوم بۆ کوێ؟ نازانم! ئا ... ئا بیرم کەوتەوە بمبە بۆ باری میامی لە گووندێکی نزیک زووریخ. ئەمباتە بەر دەرگا، دەست دەکەمە گیرفانم پارەی بدەمێ، پارەی نەقدیم پێ نییە، ئەپرسم کارتی ئی سی؟ ئەڵێ دەسگاکەم کار ناکات، پێێ دەڵێم بمباتە بەر بانکێک لەو نزیکانە، سەعاتەکەی ناکووژێنێتەوە و ئەمباتە بەر بانکێک، چوارسەد فرانک دەر دێنم و بەرەو میامی ئەمباتەوە، پارەی دەدەمێ و دادەبەزم. لە دوورەوە گوێم لە مووزیکی سامبایە لە ناو بارەکەوە دێت! باری میامی پێشتر هەر بار بوو و هیچیتر، ئێستا شەوانە درەنگ وەک دیسکۆیشی لێ هاتووە و جەوەکەی خۆشترە. ئەچمە ژوور، دەرزی فرێ بەی ناکەوێت سەر زەوی. ئەو هەموو کوڕ و کچانە لە ساحە بچووکەکەدا سەما دەکەن و سەر مێزەکانیش کەم تا زۆر پڕن. کورسییە خاڵییەکان هی ئەوانەن کە سەما دەکەن. من جارێ هەوەسی سەما و سامبا و مامبا و مێرنگە و ساڵسام لە ڕێوە نییە. جەووم هێشتا خۆشە بەڵام بە بێ دۆستی کچ کە بیناسم و بمناسێت تاقەتی سەمام نییە بە تەمام جارێ دانیشم. چاو بۆ ئاشنایەک دەگێڕم، دۆستێکی کوردی لێیە، دوو کچی لەگەڵە، مەرحەبای کوردی دەستپێدەکات و دەست لێدانەوە و ئەوجار لە گەڵ کچەکانیش. لە کاتی دەستلێدانەوە ناوی خۆشم دەڵێم، بەس کێ حاڵی دەبێت لە زرمە و گرمەی ئەو مووزیکە بەرزەدا؟ ئەوانیش یەکە بە یەکە ناوی خۆیان دەڵێن، هیچیان لێ تێ نەگەیشتم و دڵنیام ئەوانیش لە ناوی من تێنەگەیوون، تەعارفییان کرد لە لایان دانیشم، زۆریشم پێخۆشبوو، نەمهێشت دووپاتی کەنەوە دانیشتم! پرسیار و ئەحواڵپرسی دەستپێکرد، دەبوو لە گوێێ یەکتر بنەڕێنین و لە یەک حاڵی بین، ئای لەم وەزعە، دیسکۆ نەبوویایە شکایەتی دنیامان لەو خاوەن بارە بۆ ئەو مووزیکە بەرزە دەکرد. هەر چۆنێک بوو هەندێک قسەمان کرد، لە ڕووم نەبوو دووبارە ناویان لێ بپرسمەوە، دامنا بۆ کاتێکی دیکە. یەک لە کچەکان بەو دۆستە کوردەوە نووسابوو و جار و بار ماچێکی یەکترینیشیان دەکرد، ئەوە تەکلیفی ڕوون بوو، دۆی ئەو بوو. مابووینەوە من و ئەم کچەی دیکە. هەندێک لێی چوومە پێش و دەستمکرد بە قسە کردن لە گوێیدا و بۆ وڵامەکانی ئەویش بە گوێێ مندا دەینەڕاند. ویستم بزانم تەنیایە؟ یا ماتڵی کەسێکە؟ وتی دووهەمجارە دێتە باری میامی و لەگەڵ رفیقە کچەکەی هاتووە، واتە ئەو کچەی دیکە! ئەمجارە هەمووی تێگەیشتم چوون زۆر بە یەکدا نووسابووین، وەک ئەوەی لە مێژ بێت یەکترین بناسین. من بەو ڕازیبووم، چاوەکانی و دەمووچاوی زۆر جوان بوون، بەس باریک نەبوو، من حەزم لە باریک و قەڵەمییە! جا چییە خۆ نایکرم لە دڵی خۆما وتم، گرنگ ئەوەیە ئەویش هەر وا لە بارەی منەوە بیر بکاتەوە و ئەویش بڵێت، جا چییە خۆ نایکرم! مووزیک گۆڕا و بوو بە ساڵسا، داوەتم کرد بۆ سەمایەک، نەیهێشت دووپاتی کەمەوە و خێرا هات و دەستی گرتم و وەدووم کەوت، باڵای هەندێک لە من بەرزتر بوو، بەڵام هی پێڵاوە بەرزەکانی بوو، ئەگینا هەر بە قەد خۆم دەبوو، وتم من بەڕێوەی دەبەم. لە پەراوێزدا ئەمەش بڵێم کە لە ساڵساشدا وەک زۆر شتی ڕۆژانەی دیکە پیاو بەڕێوەی دەبات! وتی فەرموو و دەستمان پێکرد، هەر لە کاتی هەستان لە کوورسییەکانەوە دەستمان پێکردبوو لەگەڵ ئاهەنگەکەدا قوونە جووڵەمان بوو، بەڵام ئێستا بە فەرمی دەستمان گرت و یاڵا. سەمایەکی خۆشمان کرد و لە کاتی سەمادا ناویم لێ پرسییەوە، وتی ناوم ئانایە و ئەویش ناوی منی پرسییەوە، دەرکەوت کە ئەویش لە ناوی من حاڵی نەببوو، ناوی خۆمم پێ وت و پرسیاری لێکردم، لە کوێوە هاتووم و چەند ساڵە لە سویس دەژیم و کارم چییە و هەندێک شتی دیکەش، ئەتگووت هاتووە بۆ خوازبێنیم. وڵامی هەموویانم داوە و منیش هەندێک پرسیارم لێکرد، بەس من نەچوومە ناو ناو و نیشانییەوە، بەڵکوو لە کوێ فێری سەما بووە و بە زمانی ئاڵمانییەکەیدا لە غەریب دەچێت و ئالەم شتانە. کات خێرا تێپەڕی و ئارەقێکی باشمان کردەوە و بە دەم سەماوە هەندێک تاریفی شارەزایی ساڵسای یەکترینمان کرد و کە ئاهەنگ تەواو بوو دانیشتین. کە چووینەوە سەر مێزەکە ئەو دۆستەی میوانی مێزەکەیان بووم هەر لە ماچ و مووچ نببوونەوە و لە دونیای خۆیاندا بوون و قووڵ قووڵ یەکترینیان ئەمژی. من داوای بیرەیەکم بۆخۆم کرد و بەوانیشم وت خواردنەوەیەک میوانی من بن، دووانیان خواردنەوەیان لە بەر دەستدا مابوو، وتیان با تەواو بین و ئانا داوای مەعجوونێکی ژنانەی کرد کە ڕێدبوول و ڤۆدکا و ئاوپرتەقاڵ و نازانم چی دیکە تێکەڵ دەکەن. تا خواردنەوەکان هاتن هەر سەرقاڵی قسە و وت و وێژ بووین و بە دەم مووزیکەوە لە سەر جێگا قوونە لەقەمان بوو، من

هاوکات دەستەکانیشم دەجوولان و ئەتگووت بۆخۆم moوزیکەکەم ساز کردووە، لەگەڵ moوزیکدا بە مێزەکە جار و بار زەربم لێدەدا، بەس بە هێواشی و نەک بە قێزەونیی. لە دڵی خۆمدا ئەمووت هەزاران جار سڵاو لەوەی کە تێکیلای درووستکرد! ئا بزانە ئەمشەو جەووم لە کوێوە بە کوێ گەیی؟

کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو، هیچ بە کاتم نەدەزانی، وردە وردە سەعات بە چواری بەیانی گەیشت و لە ناو بارەکە یەک دوو مێز چۆڵ بوون و ڕۆیشتن. ئێمەش بڕیاری ڕۆشتنماندا، بەڵام چی بکەین، چی نەکەین؟ دۆستە کوردەکەم وتی ئێمە ئەڕۆینەوە ماڵی من، و لە منیان پرسی کە من چی دەکەم؟ منیش پێشتر لە ژوورەوە لەگەڵ ئانا ساخ ببووینەوە کە شەو پێکەوە بین و وتم من و ئاناش دەچینەوە بۆ لای من. ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو کە ئێمە دووانی سازاوین شەوێک پێکەوە بەسەر بەرین، تا بەڵکوو پێکەوە بوونەکە درێژەی هەبێت. وتیان ئێمە سەیارەمان پێیە ئەتانگەیەنین، من وتم درەنگە و زەحمەتتان پێ نادەم، بە تاکسی دەڕۆینەوە و هەر واشمان کرد. لێک جیا بووینەوە و ئێمە بە تاکسی خۆمان گەیاندەوە ماڵی من. ئانا هەندێک شەرمی دەکرد، بەڵام شەرمەکەی زۆر نەبوو، پێموابێت زۆرتر نەناسینی من بوو و دڵنیا نەبوون لەوەی کە ئەمشەو چی چاوەڕێی دەکات. هەوڵمدا لە ڕێگای ماڵەوەدا هەندێک باسی خۆمی بۆ بکەم، بەڵکو ئارامتر بێتەوە و هەر وایشی لێهات. کە گەیشتینەوە ماڵ کراوەتر و دڵنیاتر ببو. چووینە ژوورەوە و کیف و باڵتاوەکەیم لێ وەرگرت و هەڵمواسین و بە دووا ئەمەدا حەمام و چێشتخانە و دوو ژوورەکەم پیشاندا و ئەوجار وتم ڕاحەت بە و وەبزانە ماڵی خۆتە. ئەو چوو بۆ ژووری حەمام و توالت و منیش هەندێک ژووری دانیشتنم جەم و جۆر کرد و سەتەلایت و تلویزیۆنم هەڵکرد و خستمە سەر کاناڵێکی موزیکی لاتینی بڕازیلی و دەنگیم لەبەر هاوسێکان نزم کرد، سەعات نزیکەی پێنجی بەیانی بوو. ئانا سەری لە دەرگای حەمام و توالێت دەر هێنا و وتی بۆم هەیە دووشێک بگرم؟ وتم جا ئەوە چ قسەیەکە، ئێستا خۆشم دێم ئەتشۆم، دیییی! وتی ڕاست ئەکەی ئەمشۆی؟ زانیم زۆر سەگە، وتم ئەرێ وەڵا ئەشت شێلم، دەم و دیانی لە ڕەزایەت و خۆشیانا کردەوە و سەری بردە ژوور و دەرگای پێوەدا و منیش نەمهێشت زۆر ماتڵ بێت، خاولی نوێم بردە ژووری حەمام و یاڵا بە دەم پێکەنین و قسەی خۆش و حەلەق مەلەقەوە لێی وەژوور کەوتم. لە پشت پەردەی پلاستیکی حەمامەوە زانیم کە وەک حەدسم لێدابوو ئەندامی بە دڵی من نەبوو، بۆخۆی بەڵام تا بڵەی جوان بوو، حەزم لە چاوەکانی بوو، زۆر جوان بوون، ئەویش یەک دووجار بە منی ئەووت چاو و برژانگت جوانن، ئەمەم پێشتریش لە خەڵکی دیکە بیستبو و بەلامەوە نوێ نەبوو. سەرم لە گۆشەی پەردەی حەمامەوە بردە ژوور و بە قامک بانگی کردمە ژوورەوە بۆ ناو وانی حەمامەکە. وتم هەر ئێستا ماتڵت ناکەم. مەمکەکانی ڕووت کردبوو، نە گەورە بوون و نە بچووک، لە شێوەی سێو و هەنار خڕ نەبوون، زیاتر وەک هەرمێی بە یەکسان قەڵەو و ئاودار دەچوون، نا نا لە کاڵەکی بچووکی مەشهەدی دەچوون بەڵام سپی و بۆنخۆش وەک خەیاری کۆچەری بانە بە تام و لەزەت. خۆم ڕووت کردەوە و لێی چوومە ژوور و بە نییەتی ماچکردنی، ماچێکی لێوەکانیم کرد، سەرم بردەوە دوواوە و چوومەوە پێش و ماچێکی قووڵتریم کرد و ئەوجار یارمەتیدام و کەوتە لێو مژینم و وەک لە شێعرێکی خۆمدا پێشتر وتوومە، "دوو ماری نێو زار لێک ئاڵان" و لە ژێر فرمێسکی ڕێژنەی ئاوی حەمامدا تا توانیمان یەکترمان گووشی و مژی و چێژمان لەیەکتر وەرگرت. مەمکەکانیم هێندە مژیبوون هەوەسیان لێدەباری و وردە وردە سەر و زمانم بەرە ناو شیوەدۆڵ خوار بوونەوە و بە ڕیشە بچکۆلە بزنییەکەم، هەندێک ختوولکەی ناوگەڵیمدا. کەیفی پێی دەهات و ئەیووت ئەو ڕیشەت هەر بە کەڵکی ئەو کارە دێت و هیچ کەڵکی دیکەی نییە! وتم ئەی جوان نییە، خێرا وتی با زۆریش جوانە، حەزی لێدەکەم! و منیش تەسدیقی قسەکانیم دەکرد و ئەمووت منیش ئەو ڕیشە بووزییەم بەس بۆ ئەم کارە داناوە و کچان کەیفی پێدەکەن. ئەوجار کە ختوولکەی دەهات دەکەوتە پێکەنین و بە ئاە و ناڵەوە ئەیووت دە بۆم بمژە! منیش دڵی ناتوانم بشکێنم، لە ختوولکەی میتکەی بوومەوە و هەندێک زمانم پیا دەهێنا. ئاوی شیلە و گەرمی حەمام بە سەر قووزیدا دەهاتە خوار و خاوێن خاوێن بۆی شتبوومەوە. بۆنی عەتراوەکەی ئەو دەڤەرە کەم مابوو، ڕێژنە بارانی حەمام بردبووی، بەس تۆزێک لە بۆنەکەی هەر مابوو. بە نووکی زمان بۆیم کردەوە و بە هێواشی زمانم بردە ژوور، لە خۆشیانا کەوتە ناڵە ناڵ. زمانم دەر هێنا و لچەکانیم بە لێو ڕادەکێشا و لێکم جیا دەکردنەوە و بە زمانیش گەرمم دەکردنەوە بۆی، قیژەی بەرز دەبووە و پاشان کە زانیم بەسییەتی لێرە چوومە سەرەوە و لێوەکانیم بە تەواوی حیرس و جۆشەوە مژین و تێ گەیشت کە نۆرەی ئەوە هەندێک حاڵ بە من بدات. هێواش بە دەم لێسانەوەی سنگ و مەمکەکانمەوە بە زمانی، چووە خوارەوە و کێرمی کە نیوە خەبەر بوو بە ئەسپایی لێساوە و هەندێک لە خەو ڕاپەڕی و وردە وردە ڕەق هەڵگەڕا. ئەوجار لە دەمی خۆی ناو و هێندەی دەبردە ژوور لە قووڕگیدا ئەیوێستاند و ئەیەویست بڵێت ها منیش حیزرفەییم و یەکەم جارم نییە ئەمانە دەکەم و خۆ ئەگەر ئەوەشی نەکردایە من هەر دەمزانی حیرفەییە! پاش لێسانەوە و تەڕ و سفت و خز کردنی، ئەوجار هەستا و ماچێکی لێوەکانمی کرد و قاچێکی خستە سەر لێواری وانەکە و لێم هاتە پێش و منیش بە تەکانێک لێم خستە ژوور و تێیم نا و یەکەم سکاڵای ئەوە بوو کە کێرت زۆر ڕەقە، ئەیووت ئەوە من نەمزانیوە بە دزییەوە حەبە شینەکانت خواردووە؟ منیش خۆم لێکردە گێل و وتم حەبی شین چییە؟ وتی ئا یانی نازانی؟ مەجالم پێ نەدا و چەند گووڕمی توندی دیکەم لێدا و هەندێک بە هۆی ڕەقی کابراوە هەستی بە ناخۆشی جێگاکەی کرد و بە ناچار پۆزسیۆنی

گۆڕی و پشتی تێکردم، لە پشتەوە هەر بەردەوام بووم و ئەمجار ڕاحەتتر بوو و بە دەم گووڕمەوە پێم وت کە نەخێر حەبی ڤیاگڕام نەخواردووە و ئەوە کێری کوردییە، هەر وایە، بە تەماح و تێر نەخۆرە و خۆیشم جارێ هەر لاوم، خەمت نەبێ هەمووی سرووشتییە! وتم ڕات چییە تەواوی نەکەین و باقییەکەی بەرینە ناو تەختەکەم لە جێگای گەرم و نەرم درێژەی پێ بەین، وتی من حەز دەکەم، لێرە جارێک تەواو بووم و لەوێش حەتمەن یەک دوو جاریتر تەواو دەبم. لەم کاتەدا زۆر لەخۆم ڕازیبووم، خێرا خاولییەکەیم کە پێشتر بۆیم ئامادە کردبوو، کردە شانی و خاولییە باڵتاوە زەردەکەی خۆم لەبەر کرد یالا بۆی چووینە ژووری خەو. تلویزیۆنی بڕازیلم دوو دەرەجەی دیکە زیاد کرد، ئێستا ئیتر نزیکەی شەشی بەیانی ڕۆژی شەممە بوو، ترسی دروانسێم نەمابوو. لە ژووری خەو لە سەرەتاوە و لە لاپەڕەی ئەوەڵەوە دەستمان پێکردەوە و بەڕاستی و بە مانای وشە یەکترینمان تا ئەوپەڕی چێژ چەوساندەوە تا کۆتایی. کە من ئاوم هاتەوە ئەو پێش من جارێکی دیکە ئاوی هاتبووەوە و هیلاک و کەلاک بە سەری نیوە تەڕەوە سەرمان خستە سەر سەرین. من کە سەرم دایمە مووی کەمە یا تاشراوە، خەمم نەبوو، خەمی ئەووم بوو کە سەرمای نەبێت، ئەویش وتی هەموویم تەڕ نەکردووە، خاولییەکی بچووکی لە سەری پێچا و خۆمان داپۆشی و هەندێکی دیکە یەکترینمان هەڵگلۆفی و بە دەم ماچ و مووچەوە خەوتین. من خێرا خەوم لێکەوت و خەبەرم بۆوە چارەک بۆ دووانزەی نیوەڕۆ بوو، ئەو هێشتا خرپەی خەوی دەهات. هەستم بە سەر ئێشەیەکی خەفیف دەکرد. وردە وردە چاوم کردەوە و هەستام میزێکم کرد و حەبێکی ئاسپرینم خوارد بۆ ئەوەی سەر ئێشەکەم زیاد نەکات و لیوانێک ئاوم خواردەوە و چوومەوە ناو جێگا. خەوتمەوە، سەعات دوو و نیو ئانا خەبەری کردمەوە و وتی سەرم ئێشێ. پرسیم کە ئایا ئاسپرین ئەخوات، وتی ئەرێ و ناردم بۆ شوێنی ئاسپرینەکان و وتم بڕۆ بۆخۆت هەڵگرە و بخۆ، ئاویشی بەسەرا کە، وتم! وتی بۆخۆم ئەزانم. وتم ببورە نەمزانی ئەزانی! پاش چەن دەقە هاتەوە و وتی تۆ زۆر تەنبەڵی بۆ هەڵناستی؟ بە گاڵتەوە وتم تۆ ئاگات لە کوێیە، من سەعات دوانزە هەستامەوە و جارێکیش تەجاوزم پێت کرد، تۆ هەر خەوتبووێ! بە سەرسووڕمانەوە پرسی، ئەوە بەڕاستتە؟ وتم نا گاڵتەم کرد، بەس ئەو کات هەستام و منیش ئاسپرینم خوارد. پاش هەندێک قسەی ناو تەخت و ماچ و دەستبازی، وتم چی بخۆین بۆ نیوەڕۆ؟ وتی ماڵی تۆیە و من میوانم. وتم ڕاستە، بەس حەز لە "گێمووزە نوودل" بە سۆسی پاستاوە دەکەی؟ یا داوای پیتزا بکەین؟ وتی ئەی بۆ نا هەستە سازی کە. هەستام و چوومە ژووری خواردن ساز کردن و خۆیشیم بانگکرد بۆ یارمەتی و بە دەم خواردن ساز کردنەوە دوو بیرەی ساردمان کردەوە و پاش نیو سەعاتێک، خواردن حازر بوو و بیرەمان تەواو کرد و نانی نیوەڕۆمان خوارد و سەعات نزیکەی پێنجی ئێوارێ سەر و وەزعی باش کرد و وتی من ئەبێ بڕۆم، ئادڕەس و ژمارە تەلەفوونی خۆی دانا و وتی من لە زانستگای زوریخ یاسا ئەخوێنم و لە دەورەی وەرگرتنی لیسانسی حقوقدام و لەو ئادڕەسە لەگەڵ کچێکی ڕفیقم پێکەوە دەژین و خەڵکی ڕۆمانیم، ئەمانە هەموو باش بوون چوون بە مانای ڕەزایەت و یەکتر دیتنەوەن! منیش ماچم کرد و وتم تاکسیت بۆ بانگ کەم؟ وتی نا ئەچمە سەر جادە و تاکسی زۆرە! تەلەفوونم بۆ بکە، ماچێکی دیکەی سەر لێوەکانمی کرد و ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت. منیش پاش ڕۆیشتنی ئانا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ناو ماڵەکەم و پلەی ستەیشنم هەڵکرد، بۆ ئەوەی جارێکیتر خوایەتی جەک بکەم، بۆ ئەوەی بزانم ئەو لەگەڵ دوو کچە ڕەش ئەسمەرە قەڵەمییەکاندا کە بە دڵی خۆم بوون چی کردووە؟ پێموانییە جەک بۆمی باسکات، بۆ ئەوەی لەسەر وڵامدانەوە بەرنامەڕێژی نەکراوە، کەواتە با یەک دوو قۆناخی دیکە خوودایەتی جەک بکەم!

١٤ی سەرماوەزی ٢٧١١